سبەی شاندێکی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات



سەرکی دیوانی ئینجومەنی وەزیرانی عێراق رایگەیاند، سبەی شاندێکی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکەن و لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆدەبنەوە و گفتوگۆ لە بارەی بەشبوودجە و موچەی هاوڵاتیانی هەرێم دەکەن.

ئومێد سەباح سەرکی دیوانی ئینجومەنی وەزیرانی هەرێم لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، لەسەر ڕاسپاردەی مەسرور بارزانی سەرکی حکومەت کار لەسەر ئەوە دەکەن پەیوەندییەکانیان بەردەوام بێت لەگەڵ ئێندامەکانی حکومەتی بەغدا، ئامانجیش لەو پەیوەندییە بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێمە.

ئاماژەی بەوەشکرد، سبەی دوشەممە شاندی حکومی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات و لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆدەبنەوە و گفتگۆ لە بارەی بەشە بودجەی هەرێم و موچەی هاوڵاتیان دەکەن.

ئەوشی خستەو، لەم ماوەیدا مەسرور بارزانی سەرکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە

پەیوەندیدا بوو و پرسی بەشە بودجەی لەگەڵ بەرپرسەکانی عێراق تاوتوێکردوو.